www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 19:54 28-5-2006

## دەلاڵخانەی ڕاگەیاندن.... هێمن مەلازادە

2006/5/27

ڕاگەیاندنی كوردی لە دوای ڕاپەرینەوە بەچەند قۆناغێك دا تێپەڕیوە كە زەحمەتە ئێستا بەم ئانووساتە بە شێوەیەكی گشتی لێی بدوێین و دەستنیشانی لایەنە باش و خەراپەكانی بكەین،
ئەركی خۆم لە چەند دێرێكدا كورت دەكەمەوەو خۆم لە قەرەی درێژ دادڕی نادەم و ئەو دەسەلاتەش بە خۆم نادەم كە ئەودیوی مەسەلەكان بخوێمەوەو هەڵیان سەنگێنم، نەبادا توشی هەڵەیەك بم یائەوەتا بڵێن لە بەرژەوەندی فلان لایەن قسە دەكات،
لەو سەفەرەم لە ئەوروپا زۆر شتم پەی پێبرد كە زۆر ئاسانە ئەنجامدانیان بەلاّم نازانم نەكردنیان لە كوردستان هۆكارەكەی چیە؟ی1
من هەردەم لە ئەنجامدانی كارێك بۆ هەریەكێك بێت لەلایەن حكومەتەوە سوپاسگوزار نابم، چونكە ئەمە ئەركی حكومەتەو دەبێت خومەت گوزار بێتو رێكخراوەكانی گەنجانیش داوای شتیان لێبكەن بۆ گەنجان بە نوێنەرایەتی گەنجان و لە ژێر سانسۆری گەنجانیش.
ئێستا قسەكانم بەو ئاقارەدا دەڕوات پەیوەندیەكی زۆر گەورەو بەتین هەیە لەنێوان ڕاگەیاندن و حكومەت، نوسینەكەشم كورتە تێكەلاّوێكی (گەنج و ڕاگەیاندن و حكومەتە) ، بەلاّم كە دەزگایەكی ڕاگەیاندن بێتو ئەركی حكومەت بگرێتە ئەستۆ ناچارین داوای یارمەتی لەو دەزگایە بكەین و "حكومەتیش سفر بەدەستەوە"
دەزگایەكی ڕاگەیاندن كە دەلاڵی "پێشانگای هەریاد و كۆگای شوانە" ڕێكلام بۆ {ڕێكخراوی ئازادی لاوانی كوردستان} دەكات گوایە كۆمەڵێك ژن گواستنەوەی بە كۆمەڵی ئەنجامداوە بۆ گەنجان ی2 {بڕوا بكەن مالّی كۆمەلێك گەنجی كاول كردووە و توشی كرێچیەتی كردوون} من ئەو رێكخراوە ناناسم تەنها بارەگاكەیان دەزانم لە هەولێر لە كوێیەو، باسیش لە ئازادی و لاوو ئەو شتانەش ناكەم، چونكە ئەمانە وەهمن، بەلاّم بە خوا كۆمەڵێك خانووتان بۆ گەنجان لە حكومەت داوا بكردایە باشتر بوو،
منێك كە ڕاگەیاندنكارێكی گەنجم وە هەزاران گەنجی تریش لەم كوردستانە كە خێزاندارن جێگایەك نیە كە خێمەشی لێهەڵدەین، ڕێكخراوێكی لاوانیش دێت ماستاوچییێتی دەكات و بەناوی گەنجانیش قسە دەكات و ئیشو كارەكانی حكومەتیش دەگرێتە ئەستۆی خۆی جا بەهەر شێوازێك بێت،
كۆمەڵێك ڕاگەیاندكاریش هەن ستۆدیۆكانیان بێحورمەت كردووەو كتومت دەلاڵی لە نێو ستۆدیۆكان دەكەن، ئەوەتا دەلاڵخانەشمان هەیە بەناوبانگترین دەلاڵخانەیە لە كوردستان،
من نالّێم پشتگیری ماددی وەرمەگرن لە بازرگانەكان بەلاّم چەندەها شێواز هەیە بۆ رێكلام كردن، بۆ نموونە لە پێش دەستپكردنی بەرنامەو دوای تەواوبونی بەرنامەكەش ڕێكلام ئاساییە،
لە كۆتاییدا تەنها دەڵێم لافیتەو تابلۆكان مەبەنە نێو ستۆدیۆكان، كورە "وەڵلاّە شەرمە".

ی1 لە ئەوروپا زۆر شێواز هەیە بۆ ڕێكلام كردن وەك لەپێش دەستپكردنی بەرنامەو دوای تەواوبونی بەرنامە.
ی 2 ئەم شێوازی ژن گواستنەوەیە دەستوورێكی بەعس بوو، عودەی زۆر ئەنجامی دەدا.

Malazada83@gmail. com